# سەنتەری رۆشنا و
# رۆشنایەکی تر بۆ نابینایان

ئامادە کردنی: هۆشەنگ کەریم
فۆتۆ: عبدالخالق خدر



لە هەولێر نابینایش کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بەکار دێنن و تەکنەلۆژیا بە دنیایەکی تریان ئاشنا دەکت، ئەم ئەزموونە ئەزمونێکی نوێیە لە عیراق و بۆ یەکەمجارە لە شاری هەولێر لە لایەن سەنتەری (رۆشنا) بۆ راهێنان و فێرکردنی نابینایان لەسەر کۆمپیوتەر و ئەینتەرنێت پیادە دەکرێت و تا ئێستاش خوولەکان بە سەرکەوتووانە بەردەوامن و درێژەیان پێدەدرێت .

لە بارەی ئەم پرۆژەیەوە سەرەتا سەردانی بەرێز (سەلام جەمال غەریب) بەرێوەبەری چاودێری کەم ئەندامانمان کرد و بەرێزیان



ئاماژەی بەوەکرد ئەو سەنتەرە لەسەر ئاستی عیراق و هەندێک لە وولاتانی دەوروبەر تەنها لە کوردستان کراوەتەوە بۆ راهێنانی نابینایان لەسەر کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و سەنتەری (رۆشنا) لە لایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (22/9/2005) کراوەتەوە و هەموو پێداویستیەکانی لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دابین دەکرێت وە تا ئێستا چوار خول بۆ نابینایان کراوەتەوە و زۆر سەرکەوتووانە بووە دەرچووانی خولەکە زۆر بەباشی دەتوانن کۆمپیوتەر بەکار بهێنن کە تەنها نووسینەکە

بە شێوەی (برایل) دەنووسن، ئێمە بە بەردەوامی لە پەیوەندیکردن داین لەگەڵ وولاتانی تری جیهان بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەوان و ئەو داهێنانە نوێیەی لای ئەوان هەیە و بارەگای سەنتەری (رۆشنا) لە نێو بارەگای پەیمانگەی رووناکی نابینایانە لە شاری هەولێر و کارەکانی سەنتەریش زۆر بە رێک و پێکی بەرێوە دەچن کە ئەمە نیشانەی هەست کردنە بە لێپرسراویەتی هەموو لایەک لە بەرامبەر ئەم هەنگاوە گرنگە و جێگەی دلخۆشی و ئومێدە کە هێشتا کاری زیاتر و باشتر بکرێت .

پاشان سەردانی سەنتەری (رۆشنا) مان کرد ئەوەی جێگەی سەرنج بوو پاک و خاوێنی و نەخشەی رێک و پێکی سەنتەرەکە بوو کە کۆمەڵێک مرۆڤی نابینا بە دڵێکی رووناک و ناخێکی پر لە هیواوە کار دەکەن و هەول دەدەن فێربن و لە بەرامبەر ئەو نەهامەتیانەی سروشت بەسەری هێناون دەستەو ئەژنۆ دانەنیشن .

سەرەتا چاومان کەوت بە بەرێز (سەدیق عوسمان خدر) بەرێوەبەری پەیمانگەی (روناکی) بۆ نابینایان کەوت و دەربارەی ئەم پرۆژەیە کۆمەڵێک پرسیارمان لێکرد و بەرێزیان زۆر بە تێر و تەسەلی رۆشنایی خستە سەر سەرەتا و کارەکانی سەنتەری (رۆشنا) بۆ کۆمپیوتەری تایبەت بە نابینایان و زۆر بە وردی ئاماژەی بە هەنگاوەکان کرد و لێمان پرسی : -

**لە کوێوە بیرۆکەی راهێنان و فێرکردنی نابینایان لەسەر**

## کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت دروست بوو ؟

بیرۆکەی ئەم سەنتەرە دەگەڕێتەوە بۆ سەردانێکی بەڕێز (د. جەمال عەبدولحەمید) وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە



وەکالەت لە کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتی لوبنان، دوای ئەوەی بەڕێزیان چاوی بە نابینایەک دەکەوێت بە ناوی (د . فوئاد حەسون) بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای (LOG MEDIA) کە کۆمپانیایەکە تایبەتە بە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتی تایبەت بە نابینایان، دوای گفت و گۆکردن و ئاڵوگۆڕکردنی بیرو را پێشنیاری ئەوە کرا بوو کە خزمەتێک پێشکەش بە نابینایانی کوردستان بکرێت لە ڕێگەی کردنەوەی سەنتەرێکی تایبەت بە فێرکردنی کۆمپیوتەری نابینایان لە هەولێری پایەتەختی کوردستان تاکو نابینایانی کوردستانیش وەکو نابینایانی وڵاتانی تر فێری کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت ببن .

ئەوە بوو دوای گەڕانەوەی بەڕێزیان بۆ کوردستان بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم سەنتەرە لەگەڵ لایەنی پەیوەندار لە وەزارەتی کار و بەڕێز خاتوو (د . شیلان محمد شریف) بەڕێوەبەری گشتی چاودێری کۆمەڵایەتی تاووتۆی ئەم پرۆژەیە کراو لە دواییدا وەک پرۆژەیەک بۆ خزمەتی نابینایان پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کراو دوای ڕەزامەندی بەڕێزیان لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری بودجەی تەواوی بۆ تەرخان کراو گرێبەستی ئەو پرۆژەیە لەگەڵ کۆمپانیای (مالیە ئۆڤەر سیز) ی لوبنانی مۆر کراو لە پاشان کار بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە کرا .

## ئەگەر ڕۆشناییەک بخەیتە سەر پرۆژەکە ؟

پرۆژەی (Jaws / Job application With Speak ) واتە جێبە جێکردنی کردارەکان لەگەڵ ئاخاوتن یەکێکە لەو پرۆژە خزمەتگوزاریانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان (وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی) لە پێناو پەرە پێدانی کەم ئەندامان بە گشتی و نابینایان بە تایبەتی لە کوردستان ئەنجامی دەدات کە بریتیە لە بەکارهێنانی سیستەمێکی جیهانی نوێ بۆ ئەوەی نابینایانیش وەکو هەموو مرۆڤێکی ئاسایی بتوانن سوود لە تەکنەلۆژیای نوێ وەربگرن و سوودمەند بن بۆ ئاسانکردنی پێداویستیە ڕۆشنبیری و زانستی و پەروەردەیی و پەیوەندیەکانیان بە جیهان و داهاتوویانەوە کە مرۆڤایەتی کەڵکی لێ وەرگرتووە و کۆمپیوتەری بەستراو بە تۆری جیهانی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ سەرجەم نابینایانی قوتابی و ڕۆشنبیر و کارامە لە بواری بەکارهێنانی سیستەمی چاپی (برایل) کەوا ئامێری تایبەت بەهۆی پەنجە و هەستی بەرکەوتن (لمس) بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دابین کراوە ئەوەی شایەنی باسە بەرنامەی (Jaws ) بەرنامەیەکە دەخرێتە ناو کۆمپیوتەر و لە کاتی بەکارهێنانی هەر شتێک لە شاشەی کۆمپیوتەر دەردەچێت بە زمانی (عەرەبی و ئینگلیزی) دەیخوێنێتەوە و نابینا بەهۆی ئەو بەرنامەیەوە دەتوانێت فێری کۆمپیوتەر بێت وەکو کەسانی ئاسایی.

ئەو ئامێرانەی لەگەڵ ئەو بەرنامەیە بەکار دێت:

1. ئامێری (Pac mate) ئەو ئامێرە هەرچی لە شاشەی کۆمپیوتەر دەردەچێت بۆ نابینایان وەری دەگێڕێتە سەر شێوازی (برایل) و دەینوسێتەوە .
2. ئامێری (Scanner) بەهۆی ئەو ئامێرە دەتوانرێت هەرچی پەرتووک و نوسراو هەیە بخرێتە ناو کۆمپیوتەر و لە شوێنی مەبەست هەڵبگیرێت و لە کاتی پێویست بە شێوەی برایل چاپ بکرێت .
3. ئامێری چاپی برایل : بەهۆی ئەو ئامێرە دەتوانرێت نوسراوەکان بە شێوەی برایل چاپ بکرێن و بخرێنە بەر دەستی نابینایان .

## وەکو سەرەتای کار چۆن دەستتان پێکرد و سوودتان زیاتر لە ئەزموونی کامە وڵات وەرگرت ؟

لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژەیە پرۆژەیەکی نوێ بوو لە هەموو عیراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بۆیە فێربونی ئەو بەرنامەیە و بەکارهێنانی ئەو سیستەمە تازەیە لە کۆمپیوتەر پێویست بوو چەند کەسانێک بنێردرێنە وڵاتی لوبنان بۆ ئەوەی بەشداری لە خولێکی تایبەت بەو بەرنامەیە بکەن و ئەو زانست و زانیاریانەی لەسەر ئەو بەرنامەیە نوییە وەردەگرن بیهێنەوە بۆ کوردستان تاکو بتوانرێت نابینایان فێربکرێن و سوودی لێ وەربگرن .

بۆ ئەو مەبەستەش بە گوێرەی ئەو ڕێکەوتنامەی کە لەگەڵ کۆمپانیای (مالیە ئۆڤەر سیز) ی لوبنانی کرابوو بڕیاردرا (3) سێ مامۆستای پەیمانگەی ڕووناکی نابینایان شاند بکرێن بۆ وڵاتی لوبنان و لەوێ لە کۆمپانیای (میدیا لۆگ) بۆ ماوەی (8) هەشت

هەفتە و لە لایەن شارەزایانی ئەو بەرنامەیە لەو کۆمپانیایە ڕاهێنان لەسەر کۆمپیوتەر و ئەو بەرنامە تایبەتە بکەن . ئەوەبوو لە ڕێکەوتی (8/5/205) سێ کەس لە پەیمانگەی ڕووناکی نابینایان کە خۆم یەکێک بووم لە ئەندامانی شاندەکە لە فرۆکەخانەی هەولێری نێو دەوڵتی بەرێ خراین بۆ وولاتی ئوردن و لە وێشەوە بۆ وولاتی لوبنان و دوای گەیشتن بە وولاتی لوبنان لە لایەن نوێنەری کۆمپانیای (مالیە ئۆڤەر سیز) پێشوازیمان لێکرا و گەیاندراینە شوێنی حەوانەوە لە بەیروتی پایتەخت لە گەڕەکی ئەشرەفیە .

لە ڕێکەوتی (9/5/2005) بە هاوکاری نوێنەری کۆمپانیای (مالیە) چووین بۆ شوێنی ڕاهێنان لە کۆمپانیای (میدیا لۆگ) لەوێ لە لایەن (د . فوئاد حەسون) بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیاوە پێشوازیمان لێکرا و دوای ڕێکخستنی ماوەی ڕاهێنان و شێوازی هات و چۆکردن بۆ کۆمپانیا هەر هەمان ڕۆژ دەستمان بە ڕاهێنان کرد لەسەر کۆمپیوتەر و بەرنامەی (Jaws) .

1. ماوەی خولەکە (8) هەشت هەفتە بوو .
2. ڕۆژانە کاتژمێر (9) ی بەیانی دەچووینە کۆمپانیا و بەردەوام دەبووین لەسەر ڕاهێنان تاکو کاتژمێر (5) ی ئێوارە.
3. وانەکان لە لایەن (ڕەبیع حەسون) دەگوترانەوە .
4. دوای تەواو بوونی ماوەی خولەکە بڕوانامەی بەشداربوونی خولەکەمان لە کۆمپانیای (میدیا لۆگ) وەرگر ت .
5. لە ڕێکەوتی (4/7/2005) شاری بەیروت و وولاتی لوبنانمان بەجێهێشت و گەڕاینەوە هەولێری پایتەختی کوردستان .

## ئەرک و ئامانجەکانی سەنتەری (ڕۆشنا) چین ؟

- گرنگی ئەو سەنتەرە دەگەڕێتەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و زانستی و ووشیاری نابینایان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای نوێ ی سەردەمەوە بۆ سەرجەم نابینایانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی و نابینایانی عیراق بە گشتی .
- هەروەها بۆ گەیاندنی کاروانی زانستی کۆمەڵگەی کوردەواری بە کاروانی زانستی جیهان بۆ زیاتر خزمەت کردنی نابینایان .
- فێرکردنی ئەو نابینا ڕۆشنبیرانەی کە خولیای پێشکەوتن و زانستی نوێن لە ڕێگای ئەو تەکنەلۆژیا نوێیەی کە تایبەتە بە نابینایان، کە بە سوپاسەوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دابین کراوە .
- یەکسان کردنی توانستی نابینایان لەگەڵ کەسانی ئاسایی لە ڕێگەی فێرکردنیان بە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت .
- سوود وەرگرتنی ئەو نابینایانەی کە ئارەزووی تەواو کردنی خوێندنی باڵایان هەیە لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە.
- چاپ کردنی بابەتە جیاجیاکان بە شێوازی برایل لە ڕێگای کۆمپیوتەر و (پرێنتەر) ی تایبەت بە نابینایان .
- پەیوەندی کردن بە جیهانەوە بۆ ئاڵ و گۆڕکردنی زانست و زانیاری و خوێندنەوەی سەرچاوە جۆراو جۆرەکانی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاو کراوە جیهانیەکان لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە .

## ئەو مەرجانە چین تا نابینایان بتوانن بەشداری خوولی فێربوونی کۆمپیوتەر و ئەنترنێت بکەن ؟

- سەرجەم نابینایانی کوردستان ئەوانەی ئەو مەرجانەی خوارەوە دەیانگرێتەوە دەتوانن لەو سەنتەرە سود مەندبن و فێری کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بن :-

1. بڕوانامەی (3) ی ناوەندی هەبێت .
2. شارەزاییەکی باشی هەبێت لە برایل (خوێندنەوە و نووسین)
3. زمانی عەرەبی بزانێت .
4. بەشێوەیەکی ڕێک و پێک دەوام بکات .

ئەوەی شایەنی باسە دوای ئەوەی ئەو سەنتەرە بە شێوەیەکی فەرمی کرایەوە و بەرنامەی کارکردنمان دارشت و پێشکەشی بەرپرسانمان کرد و بە سوپاسەوە ڕەزامەندیان دەربڕی دەستمان کرد بە کردنەوەی خولی تایبەت بە فێرکردنی نابینایان لەو سەنتەرە . تاکو ئێستا (4) چوار خولی فێرکردن کراوەتەوە و لەو چوار خولەدا (20) نابینا فێری کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت کراون و ڕۆژانە سەردانی ئەو سەنتەرە دەکەن بۆ ڕاهێنان لەسەر کۆمپیوتەر و سود وەرگرتن لە ئینتەرنێت.

دوای ئەوەی قسە و پرسیارەکانمان لای مامۆستا (سەدیق عوسمان) تەواو بوو چووینە هۆڵی کۆمپیوتەر و کۆمەڵێک بەشداربووی خوولەکەمان بینی کە بە شەوق و توانایەکی زۆرەوە خەریکی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بوون و هەریەکەیان بە جۆرێک گوزارشتیان لە هەستی ناخی خۆیان دەکرد لە بەرامبەر ئەم خوولە پڕ لە بایەخەدا .

سەرەتا مامۆستا (عومەر حەسەن قادر)مامۆستای عەرەبی لە پەیمانگای نابینایان و دەرچووی خوول کە خۆشی نابینایە و وتی خوولی ئێستا چوارەم خوولە بەڕێوە دەچێت و بەخۆشیەوە هەموو بەشداربووانی خوولەکان زۆر سەرکەوتووانە خوولەکانیان تەواو کردووە دیارە ئەمەش بەرهەمی هەوڵ و ماندوو بوونی مامۆستایانی خول و خودی متمانە بە خۆبوونی نابیناکانە کە دەبێ هەمیشە مرۆڤ متمانەی بەخۆی هەبێت کە لە کارەسات و نەهامەتیەکانی ڕۆژگار گەورە تربێت و کۆڵ نەدات، دیارە بۆ بەڕێوە چوونی خولەکان بە بەردەوامی سوپاسی هەموو لایەنە بەرپرسەکان بەگشتی دەکەین بە تایبەتی (د . شیلان محمد شەریف)کە ڕۆڵی ئەو هەرگیز ناکرێت فەرامۆش بکرێت .



(پەیمان مەغدید)لە دایک بووی(1976)یەکێکە لە بەشداربووانی چوارەم خوول و دەڵێت ئێمە خولەکەمان لە(1/8/2006)دەستپێکردووە و گەلێک خۆشحالم چونکە زۆر باش فێری بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بوومە، دیارە سەرەتا



وەکو خەیاڵیش بۆمن زەحمەت بوو بیر لەوە بکەمەوە رۆژێک لە رۆژان بتوانم کۆمپیوتەر بەکار بێنم، تۆ بیربکەوە وەکو نابینایەک بریار بدەی بەشداری خولی فێربوونی کۆمپیوتەر بکەیت چەندە سەختە. هەفتەی یەکەمی خولەکە بەلامەوە زۆر قورس بوو بەڵام بەڵێنم بەخۆمدا بەردەوام بم و کۆڵ نەدەم بە خۆشیەوە بە هەوڵی مامۆستاکانم کە سوپاسی زۆریان دەکەم و بە متمانە بەخۆ کردنم ئێستا هەموو پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر فێر بووم و دەتوانم کاریان پێبکەم و ئێستاش هەوڵ دەدەم بە تەواوی فێری کارکردن بم لە بواری ئینتەرنێت چونکە بە لامەوە زۆر گرنگە و ئێستا لە هەموو روویەکەوە هەست بەوە دەکەم ئەو کەسەی جاران نیم واتە کەسی بەر لە بەشداریکردن لەم خولەدا و هیوادارم لە دووچار بوون بە هەر نەخۆشی و حاڵێتێکی ناخۆش هیچ مرۆڤێک ورە بەرنەدات چونکە مەرجی سەرکەوتن لە ژیان متمانە بە خۆکردن و مانوو نەناسیە جا گرنگ نیە ئەو مرۆڤە کەم ئەندامە یا نا .

(گوڵزار حەسەن قادر) لە دایک بووی(1970)بۆ خۆم زۆر حەزم لە کۆمپیوتەر بوو بەڵام بۆمن لە خەیاڵ زیاتر شتێکی تری نەدەگەیاند بەهۆی نەبوونی پێداویستیەکانی فێربوونی کۆمپیوتەر تا ئەو کاتەی سەنتەری (رۆشنا)دەستیکرد بە کردنەوەی ئەم خولانە و دابین کردنی پێداویستیەکانی و ئەو حەزەم هاتە دی سەرەتای خوولەکە مێشکم



زۆر ماندوو بوو بەڵام بروام بەخۆم هەبوو کە فێری بەکارهێنانی کۆمپیوتەر دەبم و ئێستا زۆر باش شارەزای کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بووم بەڵام ئاشکرایە ئەم بوارە زۆر فراوان و بێ سنورە مرۆڤ دەبێ بەردەوام هەوڵی زیاتر بۆ فێربوون بدات و بریارم داوە لەمەودوا کاتێکی زۆری ژیانم بۆ کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت تەرخان بکەم چونکە هەست دەکەم لە ژیانمدا ئەوانە جێگای زۆر شتم بۆ دەگرنەوە و ئێستاش بەهۆی خۆشەویستی و خولیام بۆ کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت ماڵ و منداڵم جێهێشتوە و بەشداری خولم کردوە، بەراستی دەمەوێ بەهۆی ئینتەرنێت و چاتەوە دنیایەکی زۆر لەوە فراوانتر بۆ خۆم دروست بکەم و لە ئینتەرنێتیش زیاتر بە دوای سایتەکانی (ئەدەبی – تەندروستی – کۆمەڵایەتی) دا دەگەڕێم بەر لەوەی خاتوو (گوڵزار) بدوێنین لە رێگەی هێدفۆنەوە گوێی لە شیعرەکانی شاعیری ناسراوی عەرەب (نزار قەبانی)گرتبوو تێکەڵ بە دنیای شیعر و پەیقە ناسکەکانی (نزار قەبانی)ببوو بەڵام ئێمە بە سڵاوێک ئەو دەمە دنیای هەڵفرینمان لەگەڵ شیعر لێ تێکدا و داوای لێ بوردنی لێدەکەین .

(بەفرین قادر / 1979)قوتابی ئامادەیی – قۆناغی شەشەمی وێژەیی .

سەرەتا بۆمن زۆر زەحمەت بوو بەڵام هەموو هەوڵێکی خۆم بەکارهێنا و ئێستاش بەبێ یارمەتی کەسانی تر دەتوانم کار بە کۆمپیوتەر بکەم و داواش لە هەموو نابینایانی تر دەکەم متمانەیان بەخۆیان

هەبێت و بەشداری ئەم خولانە بکەن بەداخەوە لەم خولانەی ئێمەدا دوو بەشدار بوو نەیانتوانی بەردەوام بن و خولەکەیان جێهێشت چونکە متمانەی تەواویان بە خۆیان نەبوو بەداخەوە دوو کەس هەلی



فێربوونیان لە دەستدا و داوا دەکەم هەموو نابینایان لەم خولانە بەشدار بن .

(بەختیار مەجید)لە دایک بووی(1985)و فەرمانبەر لە سەنتەری (رۆشنا)دەڵێت :

من چەند ساڵێکە کە لە قۆناغی سێیەمی ناوەندی بووم بەهۆی هەڵەی پزیشکێکی بەغدا چاوەکانم لە دەستدا و دووچاری حاڵەتێک بووم



وامدەزانی من بۆ یەکجاری کۆتایم پێهاتووە بەڵام هەمیشە هەوڵم دەدا خۆراگر بم، بەر لە دەستدانی بینایم منیش زۆر حەزم لە کۆمپیوتەر بوو پرسیاری زۆرم لەم بارەیەوە دەکرد تا ئەوەبوو بە خۆشیەوە سەنتەری(رۆشنا)بۆ من بووە فریادرەسێک و لە چوارەم خولدا بەشدار بووم لە ئاستی فێربوونم لە بواری کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت زۆر باشە و لەم لایانەوە خۆم لە کەسانی چاوساغ بە تواناتر دەزانم و ئەو توانایەم هەیە لە دەرەوەی سەنتەریش لە بواری کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت کاربکەم ئەگەر هەلی کارکردنم بۆ برەخسێت بە تایبەتی لە بواری تایپ و دەتوانم بە شێوەی (برایل)کتێب بۆ نابینایان چاپ بکەم، رۆژانەش لە سایتەکانی ئینتەرنێت بە دوای بابەتی جۆراو جۆردا دەگەڕێم و چاتیش دەکەم بە تایبەتی لەگەڵ نابینایان .

زۆر سوپاسی وەزارەتی کار و باری کۆمەڵایەتی بە گشتی و بەڕێز(د . شیلان محمد شەریف) بە تایبەتی دەکەم کە لە پێناوی ئێمەدا هیلاکی و ماندوو بوونی زۆر دەکێشێت و هەموو پێداویستیەکانیان بۆ دابین کردووین و سوپاسی مامۆستاکانم دەکەم کە لەم خولەدا دنیایەکی رووناکیان بە روودا کردمەوە .

(عبدالوهاب عومەر / 1985)فەرمانبەر لە پەیمانگەی روناهی نابینایان دەڵێت :

کاتێک گوێم لێدەبوو خەڵک باسی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت دەکەن و منیش بەهۆی نابینایەوە لێی بێبەش بووم زۆر خەمم دەخوارد، بەڵام بەشداریم لە خولی چوارەمی راهێنانی نابینایان لەسەر کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لە سەنتەری(رۆشنا)ئەو خەمە گەورەیەی منی رەواندەوە رۆڵی گەورەی تەکنەلۆژیام زیاتر بۆ دەرکەوت کە تەنانەت ئێمەی



نابیناش چیتر کەم ئەندام نین و دەتوانین لە کۆمەڵگادا رۆڵمان هەبێت و کاربکەین، ئێستا فێربوونی و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت ئەو مرۆڤە دڵ تەنگەی جاران نیم کە هەستم دەکرد گۆشەگیر و تەنهام بەهۆی نابینایمەوە، نەخێر ئێستا هەست بەوە ناکەم کەم ئەندام و بێ توانام رۆژانەش لە ئینتەرنێت بەدوای هەواڵ و رووداوەکانی ناوخۆیی و جیهانیدا دەگەڕێم و سەرای ئەوانەش حەز لە بواری جوگرافیا و ئابووری و سیاسی دەکەم .

هەروەها زیاتر بایەخ بە کۆمپیوتەر دەدەم و زۆربەی پرۆگرامەکان فێربووم و دەتوانم بۆ کارکردن بە تەواوی پشت بە خۆم ببەستم و رۆژانەش هەوڵ دەدەم چات لەگەڵ نابینایان بکەم لە هەموو وڵاتانی جیهان بۆ ئەوەی سوود لە ئەزموونی ئەوان وەربگرم و سوپاسی هەموو لایەکیش دەکەم لە وەزارەتی کار و باری کۆمەڵایەتی و سەنتەری(رۆشنا)کە ئەم خزمەتە گەورەیە بە نابینایان دەکەن .